# جەنگەکانی تۆ لە عەرعەرەوە کۆتاییان دێت



نامق هەورامی
namqhawramy@yahoo.com

من ئێستا گەرچی پرم لەبۆنی سەنگەرەکانی ئێوە
پرم لەبۆنی تەنیایی خۆم
ئەی ئەوکەسەی لەرابردوو داهاتودا
پێناسەیەکت نەبو بۆ زەمینە شێدارەکان
پەیڤێکت نەبو بۆ نەزۆکی هەورە ئاوسەکان
تۆپەیکەری پیرۆزیەکانت لەبەرزترین دوندەوە
بۆخەرەندی یەئسی من تل کردەوە
بەدەم پەردوی پتورکاوی دەمبای/ پەیڤە جاڵجاڵۆکەییەکانی من پێدەکەنیت
لەکلاورۆژنەیەکەوە لەجەنگی خواکان رادەمایت و
جگەرەکانی منت پێدەکرد ...
لەبەردەم خاچێکدا ناوکەی خەیاڵەکانی منت ئەکرتاند..و
بەگۆریبەکۆمەڵی خۆزگەکانم پێدەکەنیت ..
تۆ ئەیئەوکەسەی لەمینا دەگەرێیت
من دەریام
نهێنیەکانیدەریا لەمندان
من جوگرافیایەکم هەیە تایبەت بەخۆم
ئاوێکیشم هەیە
ئاسمانێکم بۆخۆم هەڵداوە
لەوێرا مەلەکانم هەڵدەفرن و
منیش گۆرانی مەستانە دەڵێم ،
دەمێ .. تولازەکان دەیری دەبن ،
وەختێك دواین ئاهی ئۆرجازم
دواسەمای جەستە مت ئەکات ،
ببینە وەختێك گشت پیرۆزیەکان دەمرن
چۆن ئەدەینە پرمەی گۆرانی ..
لێرە راڤەی پرسیارەکانی گومان دەکەین
وەڵامێك نیە پێی بڵێی یەقین
راوچیەك جەسارەت ناکات ،
بەنێچیرەکەی بڵێت :
پۆزش ..ئەوەی من کردم هەڵە بوو..
ئەی ئازیزترین فریادرەس
باڵێك نیە بمانباتەوە بۆئەو داهاتوانەی
لەخەویشدا نایبینین ..
تەمەنیخۆماندایە جەنگەکانی تۆ ،
دەتۆش جارێك بمانبەرەوە ئەوجێیەی
بەرزەمرۆیان لەمەستی وسەماکردنا خەنی بون ..

www.kurdistannet.org

ئێمەش وەك بڵێی قورمان بەدەرگای (بوون )ەوە دابێت ،
شارێکمان پرکرد لەمردوو
پرپەپری عەرعەرێك شەتڵی مرۆڤمان چاند
چ شین نەبوو
بەوگشت نەزرەوە لەسای ئازادیا
جگەرەیەکمان نەکێشا
لەمانای ئەوهەمووکەللەسەرو
پێڵاوەجێماوانە نەگەشتین ...
ڕۆژەکان بەلاماندا گوزەرین و بۆمان نەکرا ریزیان کەین
ئەی ئەوکەسەی هێشتا گوێیەکت هەیە بۆبیستن و
چاوێکت هەیە بۆ بینین :
گوێگرە ... چ سترانێك دەبێژم کەدەگریم !!
دوای تەسلیم بونم بەقەدەرە نادیارەکانی جەنگ ،
بروانە... چەند زەعفەرانیە رەنگم
تەماشا... چەندە تەنیام
ڕێگایەك نەماوە بچمەوە ناوخۆم
ئاگرێك نیە بمکاتە خۆڵەمێش
خوایەك نیە بمکاتە پەیکەر..!!
تاسەیەکم نیە بۆسێبەری نیوەڕۆیەکی هاوین
لەنێوان سێبەرو خۆرەتاودا
شەقامێك نیە بۆ تەنیایی پیاسەی رۆح
قسەیەك نیە بۆ ئاشت کردنەوەی ئێوارەیەك
تاروخسەت بات خەیاڵەکانمان بدەینە دەست مەستی و
گۆرانی بۆ دارستان بڵێین :
ئافەرین ... روت بونەوە لەژێر بارانا چەند جوانە ،
عەشق چ گەمەیەکی شێتانەیە ،
راموسانی بەفر چ میهرەبانیەکی گەورەیە ،
ژووانی ئاونگ وگەڵالەدرەنگ شەودا
رازێکە پریەتی لەپەنهان
لێورێژە لەسەمای مەستانە
جوان.. وەك ئاوس بونی باخچە..!
تۆش ئەی ئەوکەسەی قاوە بۆنهێنی بەختەوەریەکان دەگریتەوە
بەختەوەری لەوپەری دورگەگانی( تەم )ەوەیە
لەمنەوە بەرێدەکەوێت
تالێواری تەمەنی وەنەوشە
تاکۆتایی تخوبەکانی عومری نوح
لەمدیو فەسڵەکانی ساڵەوە
نیوسەعات بەرلەوەی زلێخا پەنجەی خۆی خوێناوی بکات

چەند هەنگاوێك لەملای ( مەدینەی مننەوەرە) وە ...

لەعەرعەر

پیاوێکی نورانی تەسبیحی خۆزگەکانی

لەوێرا پسا

www.kurdistannet.org